کەشوهەوا ساماڵ دەبێت و پلەکانی گەرما کەمێک بەرز دەبنەوە

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی هەرێمی کوردستان پێشبینییەکانی کەشوهەوای ئەمڕۆ دووشەممە و سبەی شارەکانی هەرێم بڵاوکردەوەو ڕایدەگەیەنێت، پلەکانی گەرما ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی بڵاویکردەوە: ئەمڕۆ دووشەممە، ئاسمان ساماڵ دەبێت و پلەکانی گەرما نزیکدەبنەوە لە تۆمارکراوەکانی دوێنێ.

سەبارەت بە کەشی سبەی سێشەممە 14ـی 1ـی 2025 ڕایگەیاند: ئاسمان ساماڵ بۆ نیمچە هەور دەگۆڕێت و پلەکانی گەرما کەمێك بەرز دەبێتەوە بەراورد بە تۆمارکراوەکانی ئەمڕۆ.